## چۆنیەتی گونجاندنی مۆدەی جەنتا و پێڵاوەکان





وەرزی بەهار پێویستی بەگۆڕانکارییەکان دەبێ لەسەرتاپای جلوبەرگ و ئێکسسوارەکانەوە، چونکە تازەگەری لەگەڵ وەرزەکەدا دێ و بەمەش مۆدەکان دەبێ بگۆڕدرێن، هەندێك لە خانمان وادەکەن کە پردێك لەنێوان وەرزی زستان و بەهار ئەنجام بدەن، بەڵام ئەوەش دەبێتە هەڵەیەك لەمۆدەکانی جوانکاری، بۆیە لەو وەرزەدا زیاتر گرنگی بەدوو لایەنی تایبەت دەدرێ، ئەوانیش مۆدەی جەنتای دەست و پێڵاوەکانە، ئەو دوو ئێکسسوارە کاریگەری دەبێ لەسەر جوانکاری خانمان، بەهۆی ئەوەی پێڵاوەکان گوزارشت لەجوانی قاچەکان دەکەن، هەروەها جەنتاکانیش جوانی دەستەکان ڕازاوەتر و جوانتر دەکەن، بەمەش دەتوانین گونجاندنێك لەنێوان جەنتا و پێڵاوەکان دروست بکەین، بۆ ئەو وەرزە جەنتای





## سەرنجڕاکێشی و سوودی بەدڵلەکانی ژووری چێشتلـــ



جوانی جلوبەرگ لەوکاتەوە دێ، کە لەگەڵ ئەو شوێن و کاتەی خۆیدا بیپۆشی، هەندێك جار جلە جوانەکان، جوانی خۆیان لەدەست دەدەن کاتێك لەشوێن و کاتێکی نەگونجاو دەپۆشرێن، ئەمەش وادەکات کە ناشیاوی دروست بکات بۆ جلەکە و جەستەی ئەو کەسەی دەیپۆشێ، یەکێك لەو جلانەی لەماڵدا دەپۆشرێ، کە دیمەنێکی سەرنجڕاکێش و جوانی هەیە، ئەویش (بەروانکە) یان بەدڵلەی چێشت لێنانە، جوانییەکی سادە و خانمانەی پێوە دیارە، بەتایبەت کاتێك خانمان لەژووری چێشت دەیپۆشن و لەبەری دەکەن، کە وادەکات جگە لەو جوانیەی بەجلەکەوە دیارە، هەروەها گوزارشت لەجوانی و خانمایەتی دەکات، ئەو چەندین ڕەنگە دەبن بەمۆدەکانی





## خڵخاڵە جوانەکان لەزێڕ و زیوو بۆ کچانی کـــــ

کورد، بەچەندەها کەرەستەی تایبەت بەکەلتوور و ئێکسسوارە کۆنەکان، خزمەتیان بەخانمانی خۆیان کردووە و بەمەبەستی دابینکردنی ئێکسسوارە جوانەکان بۆ گشت ئافرەتانی کوردستان، مۆدەیەکی کۆنی ئێکسسوارەکان کە ئێستا بەشێوەیەکی کەم دەپۆشرێ، تەنانەت جوانی و دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی شایستەی هەیە، ئەویش خڵخاڵی قاچەکانە. جوانی ئەو جۆرە ئێکسسوارە لەبەستنیەتی لەقاچ، چونکە







## مۆدەی بڕینی قـــژ بۆ وەرزی بەهار



کاتێك خانمـــان بیر لەبڕینی قژیان دەكەنەوە، هەندێك جار تووشـــی دوودڵی دەبن لەوەی چ جۆرە بڕینی قژێك یان مۆدەیەكی قژ هەڵبژێرن، لەكاتێكدا چەندین مۆدەی بڕینەكان هەن، كەچی لێرەدا پێویســـتە بیر لەو جـــۆرە بڕینە بكەیتەوە كە لەگەڵ شـــێوازی ڕووخسار یان شێوەی دەم وچاوت گونجاو دەبێ، بەڵام لێرەشدا گرفتێكی دیكە هەیە، كە نازانی لەدوای بڕینەكە چ جۆرە شـــێوازێك دەردەچێ، بۆیە چاكترە نموونەیەك لەبڕینەكانـــی قـــژ بۆخۆت دیـــاری بكەی و دواتـــر داوا بكەی كە چ جۆرە بڕینێك بۆ قژت هەڵدەبژێـــری، لەهەمان كاتیشـــدا مۆدەكانی بڕینی قژ شێوەی پێشـــووی بۆ دادەنرێ و بۆ ئەوەی خانمان سوودی لێ وەربگرن، كە دەكرێت وەك ڕێبەرێك خانمـــان بەكاریبێنن و بۆ دانانی ئەو جۆرە بڕینە بـــۆ قژ، مۆدەكانی بڕینی قژ بۆ وەرزی بەهـــار زیاتر قژی هەڵگیراو لەدواوە باوی دەبێ، كە مۆدەیەكی جوانە و بەئاســـانی كاری لەسەر دەكرێ، بەهۆی ئەوەی لەم وەرزە جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ دەپۆشرێ، بۆیە قژی هەڵگیراو جوانی خـــۆی دەنوێنێ و دیمەنێكی جوانیشی دەبێ.

## مۆدەی تۆقەی قژێک خانمان دەکاتە شازادە



ئێكســـوارەكان ڕۆڵێكی گرنگ دەبینن لە ڕازاندنەوەی ئەو جوانیە شاراوەی لەقژی خانمان هەیـــە، تەنانەت خاوكردنـــەوە و كردنەوەی قژ، بۆ حاڵەتی بەســـتانی قژ پێویســـتیمان بەتۆقەكانی قژ دەبێ، كە هەر یەكە شـــێوە و نەخشێكی هەیە، زیاتر تاجەكانی سەر شـــازادە و شاژنەكان لەشێوەی ڕەنگی ئەڵماســـە، كە زیاتر مۆدەی قژەكە جوانتر و ڕازاوەتر دەكات، تەنانەت دەبێتە یەكێك لەشایستەترین مۆدەكانی بەستنی قژ، بەڵام ناكرێ بڵێین تاج تەنیا بۆ شازادەكانە، چونكە هەر خانمێك شازادەیەكە بۆخۆی، یەكێك لەتازەترین و جوانترین ئێكســـوارەكان بەو دواییە دەركەوتووە، ئەویش ئێكسسوار لەسەر شێوە تاجەكانی سەرە، كە دیمەنێكی ڕازاوە و دڵڕفێنی هەیە، لەڕەنگی ئەڵماسەوە ڕەنگی بۆ دانراوە و دەكرێ بخرێتە پێشەوە و دواوەی سەر، كە دەتوانرێ وەك تۆقەیەك لەقژ ببەسترێ و خانمانیش دەكات بەشازادە.



ڕەنگاوڕەنگ و شێوە گەورە، تـەنـانەت بوونی قـــایشـــەكەی لـــە جـــۆ ری زنجیرەوە، زیاتر مۆدەكە شایستەی ئەو وەرزە دەبێ، لەم چەند وێنانە توانراوە گونجانێك لەنێـــوان پێڵاو و جەنتا دروســـت بكرێ، لەشـــێوەی ڕەنگ و جوانی ستایلەكان و نەخشەكانی نێوان هەردوولایان.

## ـــێنان



بەدڵلەی چێشـــتلێنان، كە شـــێواز و ســـتایلێكی كـــراوە و جوانی هەیـــە، لەگەڵ ئەوەشدا جلێكە بۆ پاراستنی جەستە بـــۆ پاكڕاگرتنی خانمـــان لەكاتـــی ئیشكردندا سوودێكی گەورەی هەیە.

## ـــوردستان

جوانكاری ئێكســـوارەكان لەگشت جەستەی خانماندا بەدی دەكرێ، لێرەشـــدا خڵخاڵ لەدوو لایەنـــەوە جوانی خـــۆی دەردەكات، یەكێكیان لەدیمەنی خڵخاڵەكەیە كاتێـــك لەقاچ دەبێ و لەگەڵ ڕەنگی پێســـت خـــۆی دەگونجێنێ، ئەگەرچـــی خڵخاڵەكە لەزێڕ یـــان لەزیوو بێ، دووەم هۆكاری جوانی خڵخاڵ لەدەنگیەتی، كە هەندێك لەجۆرە خڵخاڵەكان دەنگی لێوە دەردەچێ لەكاتی جووڵەكردن، ئێكسسواری خڵخاڵ زیاتر ڕازاوەترە كاتێك لەزیوو دروســـت كرابێ، چونكە دیمەنێكی شایســـتە دەردەكات لەگەڵ جوانی جلەكان، كەچی خڵخاڵـــی ڕەنگ زێڕ لەگەڵ جوانی پێست ڕازاوەتر دەبێ.

# لانک، ماڵە بچووکەکەی منداڵیمان

بیرۆکەکانی کورد لەزۆر بواردا خزمەت بەدۆخی خۆی و داهاتوو دەکات، هەندێك جار کارەکان ئەوەندە بەسوود و جوان دەبن، کە لەکۆنەوە و تا ئێستاش بەکاردەهێنرێ، لەناو کوردا شتێکی جوان و سەیر هەیە بۆ پاراستنی منداڵی بچووك یان ساوا، کە ئەویش (لانك)ـە، وەك کەلوپەلێکی کارا و پێویست تا ڕۆژگاری ئەمرۆشمان، دەڵێن جەستەی مرۆڤی کورد لەدوورەوە دیارە، تەنانەت هەندێك شوێن لەجەستەدا هەیە، بەهۆی لانکەوە وەك قاڵبێك دەگرێ و بوونی ئەو کەسە بەمنداڵی لەناو لانکدا لەداهاتوودا دەردەکەوێ، وەك پشتی سەری مرۆڤی کورد، ئەو کەسەی بەمنداڵی دەخرێتە ناو لانکەوە، لەگەڵ گەورەبوونی پشتی سەری بازنەیی نابێ، بەڵکو هەندێك ڕاست دەبێ، بەم جیاوازییە ئەو کەسە دەناسرێتەوە ئەگەر لەناو لانك دانرابێ یان نا، لانك لەدار دروست دەکرێ، شێوەی پێخەفێکی بچووکی هەیە، لەناوەوە دۆشەکێکی بچووك دانراوە و لەگەڵ سەرینگا بۆ منداڵەکە، هەروەها داو هەیە بۆ بەستنەوەی منداڵەکە کە پێیدەگوترێ (دەستڕازە)، لەپێشوودا بلووریان بەکاردەهێنا بۆ دەرختنی پاشەڕۆی منداڵەکە، لەخوارەوە لەسەر دوو لایەن دەوەستێ، ئەو دوو لایەنە شێوەی لارە و بۆ ئەوەی لانکەکە جووڵە بکات، وەك بێشکەیەکی لێبێ و منداڵەکە لەناوی بخەوێ کە لەشێوەی جۆلانە بێ، لەسەرەوەش شتێکی تەنکی بەسەردا دەدرێ بۆ پاراستنی منداڵەکە لەمێش و مەگەز و یان هەر باڵندەیەکی دیکە، تا ئێستاش لەماڵەکانمان لانك هەیە، وەك بێشکەیەك هەموومانی گەورە کردووە و پێشتر ماڵە بچووکەکەی گشت ئەو کەسانە بووە کە لەلانکدا دانراون و تەنانەت دەرکەوتووە دەڵێن: دانانی منداڵ لەناو لانك لەڕووی تەندروستییەوە بەسوودە و جەستەی ئەو کەسە بەهێز و توند دەکات.





# نان و نانکردن!

نان و نانکردن، یەکێکە لەو خواردنە ڕۆژانەیەی کە خەڵك پێویستیان پێیەتی، لەناوکوردا و لەسەردەمی کۆندا نان هەبوو کە لەلایەن ئافرەتان و دایکانمان دروست دەکران، تەنانەت تاوەکو ئەمڕۆش لەگوندەکان دروست دەکرێ و دەخورێت، بەڵام لەناو ژیانی شاردا زیاتر نانی نانەواخانە و سەموون دەخورێ، ئەو نانەی لەپێشوودا دروست دەکرا، لەگەنمە، دوای ئەوەی ئەو گەنمە دەیبەن بۆ ئاش یان لەلایەن ئافرەتانەوە، دوای ئەوەی دەبێتە ئاردێکی جوان، پاشان دەشێلدرێ کە لەگەڵ ئاو تێکەڵ دەکرێ و دەبێ هەندێك خوێی پێدابکرێ تاوەکو تامی خۆی بدات و دەبێتە ئەنگوتك، پاشان بەدانانی ئاگردانێکی باش و لەگەڵ بوونی سێڕ ئەو ئاسنەی دەخرێتە سەر ئاگرەکە و تاوەکو سوور دەبێتەوە، پاشان هەویرەکە پان دەکرێتەوە بەتیرۆگ کە لولەیەکی درێژ و باریکە دەخرێتە ناو دەست و هەویرەکەی پێ پان دەکرێتەوە، ئەمەش لەسەر فەرشەدا ئەویش تەختە دارێکی بازنەیی و دەبێتە پارچە نانێکی بازنە شێوە و بەڵام هەر هەویرە و کاتێك ئەگەر هەویرەکە شل بێ ئەوە بەئارد پێداکردن توند دەکرێ، یان ئەگەر توند بێ بەئاو شل دەکرێتەوە، دواتر دەخرێتە سەر سێڕەکە تا ماوەیەکی دیاریکراو بەپێی ئاگرەکە دەبرژێ، لێرەدا دەبێتە دوو بەش، ئەگەر زۆر نانەکە لەسەر سێڕەکە بمێنێتەوە ئەوە ڕەق دەبێ و پێی دەڵێن نانی مەزرەقە، یان ئەگەر زوو بهێنرێتە خوارەوە ئەوە نەرم دەبێ، یاخود دەکرێ بەپێ ئاگرەکە ڕەق بکرێ یان نەرم، دواتر بەپارچە دارێکی دیکە پێدەگوترێ ناوبرێشك، کە دارێکی پانە و بەو ناوبرێشکە نانەکە دەهێنرێتە خوارەوە و دەخرێتە سەر حەسیری نان یان شوێنی نان هەڵگرتن.

# ئۆتۆمبێل ڕاک



وڵاتی چین بەوڵاتی دایکی سەیر و سەمەرە ناسراوە، کە هەرچی کاری سەیر و سەرنجڕاکێشە لەو وڵاتە ڕوودەدات، ئەمەش بەهۆی زۆری دانیشتوان و خەڵکی ئەو وڵاتە، لەشاری (هایکۆ لەهەرێمی هاینان لەباشووری چین)، پیاوێك بەناوی (وانگ شنتای)، کە بەلووت ئاسن ناسراوە، دوای ئەوەی خۆی هەڵبژارد بۆ پێشکەشکردنی



# حەســیری کــوردەواری!

کــوردەواری خۆمان، سوودیان لەگشت کەلوپەل و کەرەستەکان بینیوە کە لەڕووی زانستیەوە تا ئێســتا دەرچــووە، لەکۆنەوە و تەنانــەت تاوەکو ئێســتاش بەکاریدەهێنن، ئەویش حەسیرە بۆ دانانی نان و خواردن لەســەری، ئەو حەسیرەی جاران نانیان لەســەر دادەنا تا ماوەك بەر لەئێستا بەکار دەهات، هەندێ جار دێتەوە یادم کە لەماڵەوە نانیان لەســەر ئەم حەسیرە دانابێت بەبێئەوەی تێکبچێت یان کەڕوو بیگرێت لەبەر ئەوەی لەژێــرەوەی هەوا لەنانەکەی دەدا و وەك کەرەستەیەکی تەندروست دەکرێ خواردن و نانی لەسەر دابنرێ بۆ ماوەیەکی زۆر بەبێ ئــەوەی نانەکە یان خواردنەکە تێکبچێ، بەڵام بەبیرم نایە کە لەبەرچاوم دروســتیان کردبێت، ئەو حەســیرەی کە نانی لەسەر هەڵدەگیرا یان نانی تیری لەســەر تەڕدەکرا بەرهەمی دەســتی و دەست ڕەنگینی دروستکراوەکانی خۆمانەیە و تەنیا لەداری (بایك) بەدەســت و بازووی باپیرانمان و هەندێ جار داپیرانمان دروست کراوە، ئەوانە بەشێکن لەکەلەپور و ســەربووردە و توانای نەتەوەیەك و مانایەکی جوان و کەلتوری هەیە.

**ڕەوەند بەختیار**

# قوتابخانەیەک بــۆ قوتابیەک

پرۆســەی خوێنــدن لەگشــت جیهانــدا و لەکوردســتانی خۆشــماندا جێگــەی بایەخ و گرنگیدانــە، بەڵام هەندێك جار حاڵەتەکان دەبنە هۆکارێکــی ســەیر و جوان، بەپێی ئاژانســی هەواڵی شــینکخوای چینــی، لەوڵاتی چین قوتابخانەیەکــی گەورە تەنیا بــۆ یەك قوتابی کراوەتەوە، وا دانراوە کە جیاوازی نەبێ لەوەی چ بــۆ یەك قوتابی یان هەزار قوتابی بێ، ئەمەش بەهۆی ئــەوەی لەگوندی فوجانی ڕۆژهەڵاتی چین، قوتابخانەیەك بۆ گوندەکە کرایەوە، کە تەنیا (٤) ماڵی تێدایە، ئەو گوندە دەکەوێتە شوێنێکی بەرز کە منداڵەکە ناتوانێ هاتوچۆ بکات، بۆیە قوتابخانەکەیــان کردەوە و ئەو قوتابیەش لەپۆلی سەرەتایی دەخوێنێ و ناوی (هوو لیکسوێنگ)، وەك هەر قوتابخانەیەکی ئاسایی ڕۆژانە دەوام و بەڕێوەبەر و مامۆستای هەیە.



# زاوایی بەجلی وەرزشەوە




دیمەنە سەیرەکان لەگشت بوارێکدا ڕوودەدەن، تەنانــەت هەندێکیــان جێگەی گاڵتەجــاری و پێکەنینە، هەندێکیشیان جێگەی سەرسوڕمانی و گرنگی خەڵکە، وێنە گرتن یەکێکە لەیادگارییــە بچووکــەکان لەژیانی مرۆڤدا، هەروەها ڕۆژی هاوسەرگیری یەکێکە لــەو ڕۆژە گرنگەی کە بۆ بــووك و زاوایە و دەبێ خۆشــترین ڕۆژیان بێ، بەڵام وادیارە ئەو گەنجە لەوڵاتــی تورکیا ئەوەنــدە خولیای بــواری وەرزشــە، تەنانەت هەڵسا بەئەنجامدانی پۆشــینی سەیرترین جلوبەرگ بۆ ڕۆژی ئاهەنگی، کە جلێکی وەرزشی لەبەر کردووە و لەلای بووکە خانیشەوە وەستاوە، ئەمەش بووە جێگەی ســەیری گشت میدیاکان و ئامادەبووانــی ئاهەنــگ، ئەوەی ســەیرتر ئەوەیە، کاتێك هاوڕێیەکی ئــەو زاوایە بەو کارەی زانی، ئەویش هەمان شتی دووبارە کردەوە.



# ـــــێشان بەلووت




نمایشــێکی جــوان و ســەیر، کــە بەلووتییــەوە ئۆتۆمبێلێك ڕابکێشــێ، ئــەوەی لەوێنەکاندا دەبینن ڕاســتییە و تەنانــەت ئۆتۆمبێلەکــەی بەلووتی ڕاکێشا بۆ (١٠) مەتر لەماوەی (٢٠) چرکەدا، ئەمــەش گەورەترین ژمارەی پێوانەیــی تۆمار کــرد و ئەوەش بزانن کە ئۆتۆمبێلەکە (٤) کەســی تێدابوو لەکاتی ڕاکێشانەکە.







**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

پەیوەندیەکەت لەگەڵ هاوڕێکەت گونجاو نییە، وا باشترە بەخۆتا بچیتەوە، لەبەرەوەی هیچ مرۆڤێك نییە هەڵە نەکات، لێبوردن بەڵگەی دڵفراوانی تۆیە.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

لەم نزیکانە هەواڵێکت پێدەگات وا باشترە فەرامۆشی نەکەیت وەکو هەواڵەکانی پێشوو، ئەگینا زۆر دەستکەوتی گەورەت لەکیس دەچێت.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

لەم زووانە بەکەسێکی دڵسۆزت شاد دەبیت کە ماوەیەکی زۆرە نەتبینیوە، لەباری ئابووریشدا دەستکەوتەکانت بەرەو زیاتر دەچن.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

دڵی ئەو کەسە مەشکێنە لەم رۆژانەدا بەڕاشکاوی داوات لێ دەکات کە یارمەتیت بدات، چونکە مەبەستی پاداشت دانەوەی چاکەکانی تۆیە.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

لەم رۆژانە پێشنیارێکی گرنگت دەخەنە پێش چاو پێویستە بەجوانی و زیرەکی لێی وردبیتەوە، چونکە چەند هەڵەیەکی تیایە گەر راستی نەکەیتەوە ئەنجامی باش نابێت.




**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ماویەیەکی زۆرە بەمەبەستی بەجێ هێنانی خەونەکانت لەهەوڵ و کۆشش دایت، بۆیە پێویست ناکات سارد بیتەوە، چونکە قۆناغێکی باشت بڕیوە و کەمێك ماوە، دڵنیابە دەگەیت بەخەونەکانت.

## ژیان و فرمێسک

شکسپیر دەربارەی ژیان و فرمێسك دەڵێ:
ژیان فێری کردم لە کوچێك بگریم کە کەس نەمبینێت!
دواتر فرمێسکەکانم بسڕم و بە زەردەخەنەوە بۆ خەڵك دەرکەوم...





وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش

**بۆ زانینی ئاستی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە.**

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (سێبەر) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بەمانای (پێچەوانەی سپی)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٦) کۆ بکەیتەوە بەمانای (ئەو شوێنەی خەڵك لێیدەژی رۆژانە، هەموو خەڵك هەیەتی)
- پیتی خانەکانی (٣+٢+١) کۆبکەیتەوە بەمانای (پێچەوانەی ئاشتی)
- پیتی خانەکانی (٤+٢+١) کۆ بکەیتەوە بەمانای (گیاندارێکی خۆماڵیە و خووری هەیە)

## ئاسۆیی:

١- چیایەکی کوردستانە- گۆرانی بێژێکی کۆچ کردووە
٢- چیایەکی کوردستانە(پ)- نادیار- مرۆڤ.
٣- خواردنێکە – دروشم(پ) – سێ پیتی رادار.
٤- نیو(ت) – ناوێکی کوڕانە- ژمارە یەکە.
٥- یا(ت)- ئامێرێکی مۆسیقایە(پ).
٦- یانەیەکی ئیتالییە- پاش هەڵەکردن(پ).
٧- چوار پیتی موعەلیم- چوار پیتی فەیلی.
٨- نەکولاو(پ) – بەش(ت).
٩- بـــۆ تاوانبارە(پ)- وەکو یەك – ســـێ پیتی رێگا.
١٠- پیتێکی ئەبجدیە- ناسك- دڕ.
١١- پایتەختـــی وڵاتێکـــی ئەوروپیـــە(پ) خواردنەوەیەکە- کچە گۆرانی بێژێکی کوردە.
١٢- شـــەونم- کچـــە گۆرانیبێژێکـــی میســـری یە(پ).

## ســــتوونی:

١- چیایەکی کوردستانە- جۆرە چاوێکە(پ).
٢- کچە ئەکتەرێکی میســـریە(پ) – بەرگ- راهێنەری عێراق.
٣- گۆرانی بێژێکی کۆچ کردووە.
٤- خـــڕ(پ)- پایتەختی وڵاتێکـــی ئەوروپەی- هەوا.
٥- کچە گۆرانیبێژێکی کوردبوو.
٦- هێز- کێو(پ).
٧- رووبارێکی کوردستانە(پ)- وەکو یەك.
٨- کچە گۆرانیبێژێکی کوردبوو.
٩- دوو پیتی پەیام – تاوەرێکە لە ئیتالیا(پ)- پیتێکی E یە.
١٠- داستانێکی دڵداریە.
١١- کات- چەنجە- وڵاتێکی ئەفریقیە.
١٢- شـــاعیرێکی ئیســـپانی بـــوو- شـــارێکی کوردستانی یە(پ).



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەو کەسەی کە بەبەردەوامی هاتوچۆت دەکات، بـــەو جۆرە لێـــی دڵنیا مەبە پێویستە ســـنورێك بۆ پەیوەندییەکانت دابنێیـــت، بۆئـــەوەی لەئاکامدا پەشـــیمان نەبیتەوە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

کەسانێك کە لەبارەی ژیانی تایبەتی تـــۆوە لەگەڵـــت دەدوێن مەبەســـتی تایبەتی خۆیان هەیە، باشـــتر وایە کە گوێیـــان لێ نەگریت و شـــتی تایبەتی نەدرکێنیت بۆیان.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

نابێـــت لـــەو کەســـانە زویـــر بیت کە ئامۆژگاریت دەکەن، چونکە مەبەستیانە تەنها سەرفرازی و سەرکەوتنی تۆیە، بۆیە وا باشترە سوپاسیان بکەیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

پێویستە لە روانگەی خۆتەوە سەیری کەســـانی دیکە نەکەیـــت چونکە ئەوان وەك تۆ بیرناکەنەوە، بەڵام لەم ماوەیەدا کەســـێکت بۆ روون دەبێتەوە کە هەرگیز بڕوات نەدەکرد ئاوابێت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەو پرۆژەی کە بیری لێ دەکەیتەوە جارێ وازی لێبێنە، چونکە شتی لەم گرنگترت لەپێشـــەو فەرامۆشت کردووە، ئاگاداری هەڵسوکەوتی دڵخوازەکەت بە بەهەڵەتدا نەبات.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠


کێشەیەکی ئابووری لەخۆشی ژیانی کردووی گـــەر وریا نەبیت ماوەیەکی درێـــژ لەناویـــدا دەمێنیتـــەوە، داوای هـــاوکاری و یارمەتی لە دڵســـۆزانت بکەو خەرجییەکانیشت کەم بکەوە.

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان رێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی گیاندارێك لە شاخەکانی کوردستان هەیە بۆت بۆ دەربچێ.

ا ز م م

وەڵامی ژمارەی پێشوو ( ئاقان)



## دیوانە شیعر



صافی هیرانی شاعیر لەغەزەلێکدا دەڵێ:

دڵ لەبەر دەردی فیراقی یارە مەیلی مەی دەکا
گوێ لە دەنگی ساز و عود و بەزمی نای و نەی دەکا
سەردەمێ مەست و خومار و خادیمی مەیخانەیە
وەختێ تەسبیحی لە دەستە، سۆفییە حەی حەی دەکا
هێندە جاران عالیمی عامیل و عابید خۆیەتی
وەختێ جەهل و فیسقی زۆرە عالەمێ لۆمەی دەکا
جار بە جارێ زۆر بە کەیف و پێکەنین و خەندەیە
هێندە شەم مەجنوونە شین و گریە بۆ لەیلەی دەکا
پێی دەڵێم ئەی دڵ وەرە ئێرانی یا تووران بە
ئەو لە بەینی هەردووکە رێگە روو لە دەشتی ڕەی دەکا
دڵ نەزان و شێتە یا سەرخۆشە یان دێوانەیە
یا ئیلاهی ئیشی وا عەکسی بە من تاکەی ئەکا
دووری یارە دڵ لەبۆیە بێ سووباتە (صافی)!
تاکو لەم سەگ مەرگە دابێ ئیختیاری وەی ئەکا

س: ئەستێرەکانی شیعری کلاسیك

## نوکتە

- ژنێك بە پیاوەکەی دەڵێت «جلی تازەم نییە، لەبـــەری کەم پیاوەکەش دەڵێ «دۆلابەکەت پڕە لە جل... ژنەکەی دیســـانەوە دەڵـــێ «دەزانم، بەڵام دەرودراوســـێ هەموویان منیان بـــەو جلانەوە دیوە دووبارەیە!
پیاوەکەی دەڵێ «کەواتە هەڵسە با لەبەرخاتری جلەکانـــی تـــۆ خانووەکـــە بگۆڕیـــن و بچینە گەڕەکێکی تر..

## مانای شتەکان لە خەون

**ددان کەوتـــن:** ددان کەوتن لە خەودا تەمەن درێژییە، ئەگـــەر یەکێك لەخەودا بینی هەموو ددانەکانی کەوت ئەو کەسە زۆر دەژیێ و تەمەن درێژ دەبێت، ئەگەر هەموو ددانەکانی کەوت نەیانی بینیەوە نزیکترین کەس و کاری پێش خۆی دەمرن یان نەخۆش دەکەون، یەکێك ببینێ ددانەکانی ســـەرەوەی کەوتە ناودەستی ئـــەوە پارەی بـــۆ دێ، ئەگەر ببینێ کەوتە باوەشـــی ئەوە کوڕیان دەبێ، ئەگەر بکەوێتە ســـەر زەوی ئەوە کارەســـاتی مردنە، ئەوەی قـــەرزار بێت لە خەودا ددانی بکەوێت قەرزەکـــەی دەداتەوە، کەوتنی ددانەکانی خوارەوە غەم و پەژارە و ئازارە، کەوتنی هەموو دانەکان مانای مردنی هەموو ئەو کەســـانەیە کە لەوماڵەدا دەژێن، ئەگەر یەکێك ددانەکانی کەوت و خۆی هەڵیانی گرتەوە، مانای ئەوەیە منداڵەکانی دەمرن، ئەوەی ددانی بکەوێت و نانی پێ نەخورێ ئەوە دەست کورت و هەژار دەبێت، ددان خزم و کەسوکارمانە ددانەکانی سەرەوە پیاوەکانن لە خزم و کەسوکاری باوك دانەکانی خوارەوەش ئافرەتانن لە خزم و کەسوکاری دایك، هەر ددانێك یەکێکە لە کەسوکارمان، بە کورتی ددان تەمەن درێژی و مردن و پارەو ژیان و نهێنی دەردەبڕێ، ددان جوڵانەوە نەخۆشییە، ددانی دروستکراو لەزێڕ باشە، بەڵام لەوانەشە ماڵ سووتان بێت، ددانی دروستکراو لەزیو زیان و زەرەرە، درێژ بوونی ددان مانای شەڕ و ناکۆکی و ئاژاوەی ناو ماڵە.

**سەرچاوە: خەوننامە!**